ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق

# خستنەڕووێکی گشتی ڕەوتی گەڕانەوە لە عێراق

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM), ٢٠٢٠



DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئالنگاریەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دیدو بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و وورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێتت یان بەواگەیاندنبێت.


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق

ئیمێل: iomiraq@iom.int

ماڵپەڕ: iraq.iom.int



نەخشە و دیزاینەری ڕاپۆرت We٢ – co.www.we٢

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)



هەموو مافەکان پارێزراون. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# ناوەڕۆک

ڕەوش/دۆخ ٤
خستنەڕووی گشتی ڕێبازی ڕاپۆرتەکە ٤
پێناسەکان ٥
ڕەوتی گەڕانەوە ٦
دۆخ و گوزەرانی ناوچەکانی گەڕانەوە ١٠
بارودۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان ١١
کۆتایی ١٩
پاشکۆکان ٢٠

# ڕەوش/دۆخ

دوای نزیکەی ٣ ساڵ لە بەفەرمی کۆتایهاتنی شەڕو ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، زیاتر لە ٤،٧٠٠،٠٠٠ هەزار کەس ئاوارەی بۆ شوێنەکانی زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە.[١]

کۆمەڵگەی ئاوارەکان بەشێوەی شەپۆڵ شەپۆڵ دەستیان بەگەڕانەوە کرد لە مانگی ئازاری ٢٠١٥ دا. ئەمەش دوای ئەو هەڵمەتە سەربازیانەی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆلی دەوڵەتی ئسیلامی لە عێراق و شام (داعش) دابوون، ئەمەش بووەهۆی پێشبینی گێڕانەوەی سەقامیگری بۆ ئەوناوچانە. ئەم گەڕانەوەیش لە نێوان مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ بۆ هەمان مانگی ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە لوتکە، کەتیایدا نزیکەی ٤ ملیۆن کەس بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە. لەوکاتەوە، هەنگاوەکانی گەڕانەوە (ڕێژە سەدیەکان دەگۆڕێن بە پێی ژمارەی گەڕانەوەکان) هێواش بووەتەوە بۆ نزیکەی لەسەدا ١٠ ی ئاوارەکان ساڵانە. واتە، نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس تا ئێستا ئاوارەن. درێژەکێشانی نەبوونی ماڵ هاوکاتە لەگەڵ جموجۆلی نێوان گروپەکان و نیگەرانیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و کاریکردووەتە سەر توانای ئاوارە بۆ گەڕانەوە، تەنانەت لە هەندێک باریشدا بووەتە هۆی ئاوارەبوونی نوێ. لەگەڵ هاتنی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٠، چەندان خێزانی دیکەی نوێ ڕووبەڕووی ئاوارەبوونی یەکەمجاری یان تەنانەت دووەمجاریش بوونەوە. هەروەها گەڕانەی سەرنەکەوتووش بە نزیکەی لەسەدا ١٠ لە شوێنەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ تۆمارکرا. تاوەکو ئەمڕۆ نزیکەی ٤،٧٤٥،٠٠٠ گەڕانەوە تۆمارکراوە لە ٢٠٧٠ شوێنی عێراق دا. گەڕانەوە لەدەرەوە لە وڵاتانی دراوسێی وەکو تورکیا و سوریا و وڵاتانی دیکە یەکێتی ئەوروپاش ڕوو لە زیاد بوونە و لە ٣٣٤ شوێن تۆمارکراوە، کە تا ساتی کۆکردنەوەی ئەم داتایە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا ١٢ شوێنەکان.

# خستنەڕووی گشتی ڕێبازی ڕاپۆرتەکە

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو زانیاری وورد لەسەر خێزانە ئاوارەکان و ئەو خێزانە گەڕاوانەی لە شوێنە دەستنیشانکراوەکان دەژین کۆدەکاتەوە لەڕێگەی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM).[٢]

یەکەی ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندن بە شوێنێک پێناسە دەکرێت کە ناوچەیەکە هاوتایە و یەکسانە بە گوندێک لە ناوچەیەکی لادێیی یان دڕاوسێ و نزیکی ناوچەیەکی شارییە. بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشکردنی فەرمی ئیداری و کارگێرییە.[٣] ساڵی جارێک زانیاری لەلایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و بەدەممەوە هاتنی خێرای ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ ەوە کۆدەکرێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی زانیاری پێدەری سەرەکی و سەرەنجدانی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵەکان. کە ئەمەش لە شوێنی ژیانی زۆربەی ئاوارەکان و گەڕاوەکانە، نەک لەسەر ئاستی تاک بە تاکی یەک بە یەکی خێزانەکان. ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەیەکی ڕۆتینیانە کۆدەکرێتەوە، دابەشبوونی جوگرافی، تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئاووارەکان، گەڕاوەکان، هاتوچۆ و خواست و ویستەکانی داهاتوو دەگرێتەوە. هەروەها بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە، هۆیەکانی مانەوەیان یان گەڕانەوەیان، بارو گوزەرانی ژیانیان، پێداویستیە سەرەکیەکان، دۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان، ئەمنیەت، ڕووداوەکان، هەست بەسەلامەتی کردن، تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی، چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان، پاراستنی تایبەت و بوونی ئاماژەکانی مەترسی دەگرێتەوە. هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥ (ILA5) لە مانگی تەمموز و ئابی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامدرا و ٣٨٥٢ شوێنی گرتەوە کە بەلایەنی کەمەوە هەر شوێنێک ٥ خێزانی ئاوارە یان گەڕاوەی تێدایە تادەگاتە ٧٨٤٥٨٨ خێزانی گەڕاوە و ٢١٩٧٦٥ خێزانی ئاوارە. شێوە و ژمارەکانیش ئەو شوێنانە نیشیاندەدەن کە ئاوارەکانی یان گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن لەکاتی هەڵسەنگاندنەکە. هەرکاتێک لەڕووی کرداریەوە گونجابێت، داتایەکە بەگوێرەی ژمارەی خێزانە ئاوارە و خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنە دەوڵەمەندکراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی ژمارەی دانیشتوان فراوانبکرێت. کۆکراوەی داتایەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ مەم و تەختەپێوانەی سەرەکی لەسەر ڕوپەڕی سەرەکی (پۆرتاڵ) تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بڵاوکراوەتەوە و لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٠ەوە بەدەرستە لە [http://iraqdtm.iom.int/ILA5.aspx](http://iraqdtm.iom.int/ILA5.aspx). زۆربەی زانیاریەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی خراونەتەڕوو، بۆ بینینی لیستێکی ناوچەکانی گەڕانەوە، سەیری خشتەی ٩ بکە. ئەو ئەئەنجامنەی کە لەم ڕاپۆرتە خراونەتەڕوو، شیکاری ووردن لەسەر دۆخ و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەنجامەکانی پەیوەست بە دۆخ و گوزەرانی گەڕاوەکان لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥-خستنەڕوویێکی گشتی ڕەوتی گەڕانەوە بڵاودەکرێتەوە. بۆ زانینی ووردەکاری ڕێبازی ڕاپۆرت، بڕوانە [http://iraqdtm.iom.int/ILA/Methodology](http://iraqdtm.iom.int/ILA/Methodology).

١ ژمارەی خەمڵێندراوی تەواوی دانیشتوانی عێراق بریتیبووە لە ٣٦٠٠٤٥٥٢ کەس لەساڵی ٢٠١٤، بەپێی ڕێکخراوی ناوەندی ئاماری عێراقی.

٢ شوێنەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ بەبەکارهێنانی لیستی سەرەکی ئاوارەکانی ناوخۆ و گەڕاوەکانی ژمارە ١١٦ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ دەستنیشانکراون.

٣ سنووری شوێنەکان لەسەر بنەمای زانیاریپێدەرە سەرەکیەکان و زانیاری هەڵسەنگاندنی تیمەکانی هەڵسەنگان و بەدەممەوە هاتنی خێرا دەستنیشانکراون. ئەوەندی کرابێت لیستی شوێنەکان گونجێدنراوە و پشتڕاستکراوەتەوە لەگەڵ لایەنی دەسەڵات و کۆمەڵگە مرۆییەکان. هەرچەندە، لیستێکی بەفەرمی پەسندکراوی سەرانسەری شوێنەکانی وڵات و سنوورکانیان تا ئێستا بەردەست نییە.

# پێناسەکان

ژمارەیەک ئاماژەدەرخەر و پێناسەی تەکنیکی بەکارهاتووە لەسەرانسەری پەرەکانی زانیاری دروست، وەک لەخوارەوە باسکراوە و نیشاندراوە:

## ڕێژەی گەڕانەوە لە دانیشتوانی گەڕاوە

| | |
|---|---|
| وەرگری زۆر | ئەو ناوچەی زیاتر لەڕێژەی ١٠٪ ی لەتێکرای حاڵەتەکانی گەڕانەوە دەگرێتەخۆ. |
| وەرگری مامناوەند | ئەو ناوچەی ڕێژەی نێوان ٣ ٪ بۆ لە ١٠ ٪ تێکرای حاڵەتەکانی گەڕانەوە دەگرێتەخۆ. |
| وەرگری کەم | ئەو ناوچەی کەمتر لە ٣٪ ی تێکرای حاڵەتەکانی گەڕانەوە دەگرێتەخۆ. |

## تێکرای گۆڕان لەژمارەی گەڕاوەکان

تێکرای گۆڕان بۆ تیشکخستنەسەر بەردەوامی گەڕانەوە بەکاردێت لە نێوان (ILA ٥) لە (ئەیلولی ٢٠٢٠) و (ILA ٤) لە (حوزەیرانی ٢٠١٩). بەپێ بەکارهێنانی ئەم پۆلانەی خوارەوە پۆلێنکراوە:

| | |
|---|---|
| گەڕانەوە دواخراوەکان یان شکستخواردووەکان | ناوچەیەک کە ڕێژەی گۆڕانێکی نەرێنی گەڕانەوەکانی هەیە، ئەوەدەردەخات گەڕانەوە کەمدەبێتەوە. واتە، ئاوارەبوونی نوێ ڕوودەدات. |
| جێگیر | =ناوچەیەک کە ڕێژەی گۆڕانی گەڕاوەکانی کە مترە لە١٠٪، ئەوەدەردەخات کە گەڕانەوە یان نییە، یان زۆر کەمە. |
| تاڕادەیەک جێگیر | ناوچەیەک کە ڕێژەی گۆڕانی گەراوەکان لە نێوان لە ١٠٪ بۆ لە١٩٪ دایە. |
| تاڕادەیەک گۆڕاو | ناوچەیەک کە ڕێژەی گۆڕانی گەراوەکان لە نێوان لە ٢٠٪ بۆ لە ٢٩٪ دایە. |
| گۆڕاو | ناوچەیەک ڕێژەی گۆڕانی گەڕاوەکان لە سەرووی لە ٣٠٪یە، ئەوە دەردەخات کە گەڕانەوە بە خێرایی یان زۆر بە خێرای ڕوودەدات. |

## کاتی گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| قەیرانەکانی دوای گەڕانەوە | گەڕانەوەکە لە دوای بەفەرمەی کۆتایهاتنی قەیرانەکانی کانوونی دووەمی ٢٠١٧. |

## دواهەمین ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| گەڕانەوە لە ناوچەی ناوخۆییەوە | دواهەمین شوێنی ئاوارەبوون هەمان ناوچەی زێدی خۆیان. |

## ڕێژەی گەڕانەوە لە دانیشتوانی گەڕاوە

ڕێژەی گەڕانەوە بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی سەدەی گەڕاوەکان بەکاردێت لە هەرناوچەیەک دا، ئەو ڕێژەی گەڕانەوەش بە پێی کۆی گشتی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیە ئاوارەبوون و گەڕاونەتەوە ئەو ناوچەیە هەژماردەکرێت.

## ڕێژەی گەڕانەوە بە پێی ئەم پۆلانەی خوارەوە پۆلێنکراوە

| | |
|---|---|
| گەڕانەوەی کەم | ناوچەیەک کە تیایدا ڕێژەی گەڕانەوە لە ٣٠٪ی کەمترە، ئەوە دەردەخات کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە. |
| گەڕانەوەی مامناوەند | ناوچەیەک کە تیایدا ڕێژەی گەڕانەوە لە نێوان لە ٣١٪ بۆ لە ٦٠٪ یە، ئەوە دەردەخا کە تەنیا هەندێک لە ئاوارەکانی بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە. |
| گەڕانەوەی بەرچاو | ناوچەیەک کە تیایدا ڕێژەی گەڕانەوە لە نێوان لە ٦١٪ بۆ٪ ٨٩ یە، ئەوە دەردەخات کە زۆربەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە. |
| گەڕانەوەی تەواوەتی | ناوچەیەک کە تیایدا ڕێژەی گەڕانەوە لە نێوان لە ٩٠٪ بۆ ١٠٠٪ ە، ئەوە دەردەخات کە هەموو یان بەنزیکەیی هەموو ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە. |

## پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی ئاینی

| | |
|---|---|
| هامەچەشن | ناوچەیەک کە زیاتر لە ٨٠٪ ی، یان زۆربەی گەڕاوەکان سەر بەهەمان گروپی کەمە نەتەوەیی ئاینین. |
| تاڕادەیەک هامەچەشن | ناوچەیەک کە لە ٥٠ ٪ ی بۆ لە ٨٠٪ ی گەڕاوەکان سەربەهەمان گروپی کەمەنەتەوەیی ئاینین. |
| تێکەڵاو | ناوچەیەک کە هیچ گروپێکی زۆرینەی تێدا نییە بە پێی پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی ئاینی. |

## دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان[٤]

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون پێرستێکی تێکەڵەی دروستکردووە بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان٥. هەموو ئاماژەکان لەرێگەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆی و گەڕاوەکان دەوڵەمەند کراون و ئەو ئاوارە و گەڕاوانە لە شوێنێک دەژین کە ڕاپۆرتەکان گیروگرفت و توندوتیژی و خراپی باروگوزەرانی ژیان لەو شوێنە دەردەخەن. ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی پێوەرێکی سێ خاڵی بۆ توندوتیژی زۆر خراپ, توندوتیژی مامناوەند لە ڕووی خراپیەوە و توندوتیژی کەم. بۆ ئەوەی لە هەڵسەنگاندنەکە بەپێی پێویست ڕەچاوی خزمەتگوزاریەکان بکەین, دەبوایە ئەو شوێنە بەلایەنی کەمەوە ١٣ لەو ١٧ بنەماو پێوەرانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- **ئاو و کارەبا:** بەلایەنی کەمەوە دەبوو لە ٧٥٪ ی دەنیشتوانی ئەو شوێنە تۆڕی ئاو و کارەبای نیشتیمانیان پێبگات, لە ٧٥٪یشیان ئاوی بەلوعەیان هەبێت.
- قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی, نۆرینگەی پزیشکی, نەخۆشخانە, مارکێت, بنکەی پۆلیس و شوێنەکانی پەرستشیان هەبێت. ئەو خزمەتگوزاریانە هەبوون و لەکاردابوون لە دووری تەنیا ٥ کیلۆمەتر, نەخۆشخانەش لە دووری ١٠ کیلۆمەتر.
- دادگا, نووسینگەکانی خزمەتگوزارییە یاساییەکانی وەکو نیشتەجێبوون, زەوی و موڵک ماڵ, هەروەها نووسینگەکانی دابەشکردنی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان, ئەم خزمەتگوزاریانە هەبوون و لەکاردابوون.
- بەردەستبوونی تەوالێت, لابردنی خۆڵ و خاشاک, خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوەی زبڵ و کوتانەکان بۆ کۆمەڵگە.

# ڕەوتی گەڕانەوەکان[٥]

لەوەتەی ئەیلولی ٢٠٢٠ وە, ٤٧٤٥٠٠٠ هەزار کەس بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە, ئەمەش هاوتایە بە نزیکەی لە ٨٠٪ ی ئەو کەسانەی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ئاوارەبوون.

ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی گەڕانەوەکان لەخۆدەگرن ئەمانەن: ڕوومادی (لە ١٣٪ ی گەڕانەوەکان), فەلوجە (لە ١١٪ ی گەڕانەوەکان), هیت (لە ٤٪ ی گەڕانەوەکان) کە سەربە پارێزگای ئەنبارن, حەویجە لە (٣٪ گەڕانەوەکان) و کەرکوک (لە ٣٪ گەڕانەوەکان) لە پارێزگای کەرکوک. موسڵ لە (٢٢٪ گەڕانەوەکان), حمدانیە لە (لە ٤٪ گەڕانەوەکان) لە پارێزگای نەینەوا, تکریت لە (٤٪ ی گەڕانەوەکان) و شەرگات لە (٣٪ گەڕانەوەکان) لە پارێزگای صلاح الدین.

**کۆی گشتی گەڕانەوەکان**

**٤,٧٤٤,٠٥٠** کەس

**٧٩٠,٦٧٥** خێزان

**ڕێژەی گۆران**

(لە حوزەیرانی ٢٠١٩ تا ئابی ٢٠٢٠)

**٩٪** جێگیر

**ڕێژەی گەڕانەوە**


**٧٨٪** لەکۆی گشتی ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە

**قەیرانەکانی دوای گەڕانەوە**

(لەکانوونی دووەمی ٢٠١٧ بەدواوە)

**١٢٪** لەکۆی هەموو گەڕاوەکان

شێوەی ١: ١٠ بەرزترین ناوچەی گەڕانەوە





٤ زانیاری زیاتر لەسەر ژێرخان و پێکهاتەی خزمەتگوزاریەکان لە ئاوارەبوونی شاریی لە عێراق: شیکاری سەرەتایی پەڕەی زانیارییە ڕاستەکان بەردەستە لە http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions

٥ داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ئەوە دەردەخات کە ٤٧ ناوچەی زێدی ئاوارەکان هەیە, لەو ٤٧ ناوچەش گەڕانەوە لە ٣٨ یان ڕوویداوە لەوەتەی نیسانی ٢٠١٥ وە. هەربۆیە, زانیاری تەواویش لەمبارەیەوە بەردەستە. ئەو ٩ شوێنە کە هیچ گەڕانەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوە ئەمانەن: المحاویڵ, الموصیب, حلە, الاعزمیە, الرسافە, کەرخ, ماداین, بەلەدرووز و بەعقوبەن. تەنیا ئەو شوێنانەی کە ئاوارەی لێبوو هەڵسەنگێندراوە, ئەگەرنا شیکاریەکە نایانگرێتەوە.

به بەراورد بە ماوەی ڕاپۆرتی پشووتر (لە ئایاری ٢٠١٨ تا حوزەیرانی ٢٠١٩), هەنگاوەکانی گەڕانەوە-گۆڕانکاری لە ڕێژەی سەدەی لە ژمارەی گەڕانەوەکان بە شێوەیەکی جێگیر ماوەتەوە بە نزیکەی لە ١٠٪. بەتایبەتی گەڕانەوەکانی بەشێوەی هەنگاوی گۆڕاو و تاڕادەیەک گۆڕاوە لە تەنیا ٩ ناوچە لە کۆی ٤٧ زێد ڕوویانداوە (لەوانەش: قائیم, ڕومادی, بێجی, مخمور, بەعاج, حەزرە, ڕەوا, شنگال و فارس ن). ئەو داتایەی وەکو بەشێک لە پێرستی ژمارەی ٩ و ١٠ ی گەڕانەوە لە حوزەیران تاوەکو تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بەشێوەیەکی بەدوای یەکدا کۆکراوەتەوە, ئەوە نیشاندەدات کەدەکرێت بۆ ناوچەکانی قائیم و راوە لە پارێزگای ئەنبار گەڕانەوەی گۆڕاو بدرێتە پاڵ هۆکارەکانی وەکو بەرەوپێشچوونی ئەو هەل و مەرجانە کە پەیوەندی بە بژێوی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانەوە هەیە.[6] هەمان شتیش لەسەر مخمور جێبەجێدەبێت لەپارێزگای هەولێر کە پەیوەستە بە هۆکارەکانی سەلامەتیەکی باش و بارودۆخی باشی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی. ئەو ناوچە گۆڕاوانەی دیکە کە دەمێننەوە شوێنی گەرمەی توندوتیژیەکان بێت کە تیایاندا هەلومەرجە سەرەکیەکان بوونیان نییە و ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات کە بڕیاری گەڕانەوە تەنیا پەیوەست نییە بە هۆکارە ڕێخۆشکەرەکانی ناوچەی زێد و لەوانەیە بەلێشاو هاتنی گەڕاوەکان لەوناوچانەدا بکەوێتە سەر کارئاسانیەکان و گەیاندنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستن بۆ پاڵپشتیکردنی سەلامەتی بژێوی ژیان گوزەران.


لەو ٣٨ شوێنەی زێد کە دەمێنێتەوە گەڕانەوەکان یان هێواش بوونەتەوە یان دواخراون. هەروەها بەڵگەی گەڕانەوەی شگستخواردووش لە٤٪ شوێنەکان تۆمارکرا. ئەوانیش بەزۆری لەناوچەکانی ڕەتبە, فەلوجە, حدیسە, هیت و زاخۆن. لەراپۆرتەکانی پێرستی گەڕانەوە بەردەوام باس لە گەڕانەوەی ڕێگری لێکراو, نیگەرانیەکانی توندوتیژی و خاڵەکانی پشکنین کراوە وەکو پاڵپێوەنەری سەرەکی ئەو توندوتیژیانە لەو شوێنانە و لە فەلوجە و هیت پشتڕاستی ئەو ئەنجامانە دەکاتەوە. بە نزیکەی لە ٢٠٪ بۆ لە ٣٠٪ شوێنەکانی القائیم و بەعاج و ڕومادی و دوز ئەو خێزانانەی کە بۆ ولاتێکی دیکە ڕۆیشتوون بە تێکڕای لە٢٪ بەدیکراوە.

خشتەی ١: دابەشبوونی گەڕانەوەکان (بەرێژەی سەدی کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوەکان)




[6] دەتوانرێت داشبۆردی پێرستی گەڕانەوە, داتا و ڕاپۆرتەکان دەستبکەوێت لە http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex


نەخشەی ٢: ڕێژەی گۆڕان لە گەڕانەوەکان لە نێوان هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ ی حوزەیرانی ٢٠١٩ و هەلسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ ی ٢٠٢٠




بە چەندان گۆڕاوی زۆر گرنگ هەیە سەبارەت بە ڕێژەی گەڕانەوە, ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان کە لە بنەڕەتەوە هی ناوچەیەکن لەکۆی گشتی ژمارە گەڕاوەکان و ئەو ئاوارانەی کە لەبنەڕەتەوە هی هەمان ناوچەن. گەڕانەوەکان لە زۆربەی هەموو ناوچەکانی پارێزگای ئەنبار تەواوبوونە, لەوکاتەی لەپارێزگاکانی دیکە دۆخەکە زۆر گۆڕاو ناجێگیرە.[7] لە نەینەوا, لە ٨٨٪ی ئاوارەکان بۆ ناوچەی حەمدانیە گەڕاونەتەوەلە بەرانبەردا لە٧٩٪ی ئەو ئاوارانەی کە لە بنەڕەت لە موسڵن گەڕاونەتەوە و نزیکەی لە٢٥٪ی ئەو ئاوارانەی کە لەبنەڕەتدا هی شنگال و بەعاجن گەڕاونەتەوە. تا ئێستا هیچ گەڕانەوەیەک لە الموسیب و حلە پارێزگای بابل, الرسافە و کەرخ و مادائین لە پارێزگای بەغدا و بەلەدرووز و بەعقوبە لە پارێزگای دیالە تۆمار نەکراون. بەهەمان شێوەی حوزەیرانی ٢٠١٩, هۆکاری زۆربەی گەڕانەوەکان گێڕانەوەی ئەمنیەتە بۆ شوێنی زێدیان (لە٩٠٪) یان, بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی بە لە (٨٤٪) و /یان خزمەتگوزاریەکان بە لە (٣٣٪) و/یان ئارەزووی گەڕانەوە بە لە(٢٩٪). پاڵنەرەکانی دیکەی گەڕانەوە بریتیە لە هاندانی ئەرێنی وەکو بەردەستبوونی هاوکاری, هاندانەکانی سەرکردەی ئاینیەکانی کۆمەڵگە و/یان هاندانەکان لایەنە دەسەڵاتدارانی حکومەت و لایەنە مرۆییەکان کە ئەمانە کەمتر باو بوون بە لە (١٣٪). لەوکاتەی هۆکارە نەرێنیەکان لە شوێنی ئاوارەبوون وەکو نەبوونی هۆیە داراییەکان, خراپتربوونی ژیان و هەلومەرجە ئەمنیەکان, بەزۆر دەکردن و/یان هاندانی نەرێنی بە شێوەی تاک یان کۆمەڵەیی بێت پاڵنەری نزیکەی لە ٣٠٪ گەڕانەوەکان بوو. ئەو گەڕانەوانەی کە بەهۆکاری نەرێنی ڕوویاندا زۆر گرنگن لە ٩ ناوچەی وەکو ئەبوغرێب, قائیم, میقدادیە ,ڕوتبە ,شرگات کفری شنگال, تەلەعفەر. لەهەموو ئەو ناوچانە, جگە لە ڕوتبە و راوە نەبێت, شوێنی گەرمی توندوتیژی بوونیان هەبوو, ئەمەش ئەو ناوچانەن کە هیچ یان چەند هەلو مەرجێکی زۆر کەمی بنەڕەتیان تێدایە کە پەیوەستن بە بژێوی ژیان و گوزەران و هەروەها خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان و/یان هەست بەسەلامەتیکردن و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی بوونیان نییە.


٧ دەتوانرێت دۆخی ناجێگیری پارێزگای ئەنبار, کە لە نزیکەی لە یەک لەسەر سێی گەڕاوەکان تۆمارکراوە لەوەتەی حوزەیرانی ٢٠١٩ (لە٣١٪), بەشێکی بە پرۆسەکانی چەسپاندن و داخستنی کامپەکانەوە ببەسترێتەوە بۆئەوەی کارئاسانی بۆ ئەو گەڕانەوە بکەن کە لە لایەن حکومەتی عێراق دەستپێشخەری بۆ کراوە لە ٢٠١٩ دا.

نەخشەی ٣: ڕێژەی گەڕانەوە[8]





نزیکەی لە ٪٨٠ی ئەو گەڕانەوانەی کە ڕوویانداوە لە نێوان ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧ بوون, ئەمەش دوای ئۆپەراسیۆنە سەرەکیەکانی وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە داعش کۆنترۆڵیکردبوون. قەیرانەکانی بەردەم گەڕانەوەی دوای داعش (کە ئەو گەڕانەوانەن لە دوای بەفەرمی کۆتایهاتنی قەیرانی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ ڕوویانداوە) زیاتر ڕەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی دووبارە بنیاتنانەوە و دووبارە دامەزراندنەوەی هەردوو لایەنی ئابووری و فیزیکی ئەمنیەتن کە زۆر دیارو گرنگن لە ناوچەکانی بەعاج ، قائیم, راوە و دوز. بە نزیکەیی یەک لەسەر سێی ئاوارەکان هی ناوچەی ناوخۆیی بوون کە بەرزترینیشیان لە مۆسل بە (لە٪٦٧) و سامەرا بە لە(٪٩٣) بوون.

شێوەی ٢: ڕێژەی سەدی گەڕانەوە لە ناوچە ناوخۆیی نێوان ناوچەکان





٨ هەروەکو لە نەخشەی ژمارە ٣ نیشاندراوە, تا ئێستا هیچ گەڕانەوەیک لە هیچ شوێنێکی ناوچەکانی المحاویل, الموسەیب, حللە, اعزەمیە, الرسافە, کەرخ, مەدائین و بەلەدرووز و بەعقوبە تۆمارنەکراوە.

شێوەی ٣: گەڕانەوەکان بە پێی ساڵ




شێوەی ٤: هۆیەکانی گەڕانەوە [9]




شێوەی ٥: جۆرەکانی شوێن




٩ زانیارییدەرە سەرەکییەکان داوایان لێکرابوو کە سێ هۆی سەرەکی گەڕانەوە دەستنیشانبکەن. داتایەکە بە ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لەو شوێنە دەژین بەهێزکرابوو.

# باری ژێرخان خزمەتگوزارییەکان

## لە ئاستی تەواوی وڵات, تەنیا لە٪٢٨ ی شوێنەکانی گەڕاوەکان دەستەبەری پێویستی خزمەتگوزاری و کارئاسانیەکان کراوە (بەلایەنی کەم ١٣ لە ١٧ خزمەتگوزاری و کارئاسانیەی کە دەستنیشانکراون).[١٠]

هەرچەندە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان باروودۆخی ناوچە شارییەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شار (کەلەناوچە شارییەکان زۆربەی خزمەتگوزارییەکان دابینکراون)و ناوچە لادێیەکان کە تیایاندا بەردەستبوونی خزمەتگوزاریەکان بە نزیکەیی لە هەموو شوێنەکان کێشەیە لە ٪٩٣ شوێنەکان, و تەنیا ٨ لەو خزمەتگوزاری و کارئاسانیانە هەیە لە کۆی ئەو ١٧ خزمەتگوزاری و کارئاسانیەی کە دەستنیشانکراون. لەوانەش کارەبا, تەوالێت, پێکوتەی بەرگری, قوتابخانەی سەرەتایی, قوتابخانەی ئامادەیی, نۆرینگەی پزیشکی, مارکێت و شوێنەکانی پەرستن, بەلایەنی کەم لە نیوەی شوێنەکان دەستەبەرکرابوون.[١١]

پێرستی گەڕانەوەش دووپاتی ئەودەرئەنجامانە دەکاتەوەهەروەک ئەوە نیشاندەدات کە گەڕاوەکان لەباروودۆخێکی زۆر خراپ دا دەژین لە ٤٨٠ لەو شوێنانەدا (لە٪١٤ و نزیکەی ٦١٠ هەزار کەسن). بە تێکڕا, ٢٢ شوێن (کە لە٪٥٧ی شوێنەکان دەکات) باروودۆخێکی زۆر خراپیان هەیە و کەمتر لە ٪٣٠ ئەو شوێنانە بڕی پێویستی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان دابینکراون. ئەمە سەرەڕای هەموو ناوچەکانی پارێزگای بەغدا, کە ٥ لە کۆی ١٠ ناوچەی سەرەکی زێد دەگرێتەوە, ئەوانیش: حەمدانیە, حەویجە, شەرگات, موسڵ و تەلەعفەرن.

خشتەی ١: دەستگەیشتن بە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان[١٢]


| | دابینکردنی بڕی پێویستی خزمەتگوزاریەکان | کارەبا | ئاو | پاشماوە | تەوالێت | خۆڵ و خاشاک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شارو دەوروبەری | ٪٧٢ | ٪٨٠ | ٪٧٣ | ٪٩٤ | ٪١٠٠ | ٪٥٠ |
| لادێی | ٪٧ | ٪٥٨ | ٪٣٧ | ٪٣٢ | ٪٩٧ | ٪٢٣ |
| کۆی گشتی | ٪٢٨ | ٪٦٥ | ٪٤٩ | ٪٥٢ | ٪٩٨ | ٪٣١ |
| | کوتان | قوتابخانەی سەرەتای | قوتابخانەی ئامادەیی | نۆرینگە | نەخۆشخانە | مارکێت |
| شارو دەوروبەری | ٪٨٩ | ٪٩٩ | ٪٩١ | ٪٩٨ | ٪٧٩ | ٪٩٩ |
| لادێی | ٪٦٧ | ٪٨٨ | ٪٥٦ | ٪٥٠ | ٪١٨ | ٪٦٣ |
| کۆی گشتی | ٪٧٤ | ٪٩١ | ٪٦٩ | ٪٦٥ | ٪٣٨ | ٪٧٥ |
| | پەرستگە | بنکەی پۆلیس | دادگا | پرۆگرامی خانوو و زەوی و موڵک و ماڵ | نووسینگەکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتی | بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان |
| شارو دەوروبەری | ٪٩٩ | ٪٩٥ | ٪٥٨ | ٪٢٠ | ٪٢٤ | ٪٦٣ |
| لادێی | ٪٩١ | ٪٣٥ | ٪٤٢ | ٪٧ | ٪١٦ | ٪٤٤ |
| کۆی گشتی | ٪٩٣ | ٪٥٤ | ٪٤٧ | ٪١١ | ٪١٨ | ٪٥٠ |

١٠ بڕوانە بەشی پێناسە بۆ زانینی وورددەکاری لیستی خزمەتگوزاری و کارئاسانیەکان.

١١ شیاوی سەرەنجدانە کە ئەگەرچی لەوانە نیە کارئاسانیەکان لەو ناوچانەی باسکرا بەردەست بن (بڕوانە پێناسە), هێشتا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دەکرێت خێزانە گەڕاوەکان دەستیان پێبگات لە ناوچەی ژیانیان.

١٢ ڕێژەی سەدی شوێنەکان بەهەبوونی بەلایەنی کەمی ١٣ لە خزمەتگوزاریەکان.

خشتەی ٤: هەلومەرجی پێویستی ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان[١٣]




## دۆخ و گوزەرانی ژیان

نزیکەی هەموو ئەو گەڕاوانەی کە گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان و هاوئاست لەگەڵ ئەو شەپۆلە گەڕانەوەی ئایاری ٢٠١٧ (لە ٨٩٪ بۆ ٩٩ ٪ لە ساڵی ٢٠٢٠) بە هەوڵەکانی دووبارە بنیاتنانەوە وە دەبەستریتەوە.[١٤] هەرچەندە، نزیکەی لە ٣٪ ی خێزانەکان لەو خانووانەدا نیشتەجێبوون کە داڕووخا و خراپن. ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە بەرادەی لە ١٥٪ بەرزە لەناوچەکانی المقدادیە و الفارس. نەبوونی خۆراک زۆر بەدەگمەن باسدەکرا لە ناوچە شارییەکان، تەنیا لە لە ٢٪ ی شوێنەکان باسدەکرا کە چەندان کەس پێویستیان بە خۆراکە.[١٥] لەکاتێکدا ئەم پێویستیە لە ١٤٪ بوو لە شوێنە لادێیەکان (لەبەرانبەر لە ٣٪ ی شوێنە شارییەکان). هەروەها لە ڕاپۆرتەکانی ئەو شوێنانەدا باسی چەند حاڵەتێکی واهەبووە کە چەند خێزانێک بەڵگەنامە مەدەنیەکانیان بزرکردووە، لەوانەیە ئەم کێشەیە پەیوەست بێت بە دەستگەیشتن بە نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیە مەدەنیەکان کراوە. نەبوونی دەرفەتەکانی دروستکردنی ئیش و کار بەردەوام یەکێک کێشە بەپەلەکان بووە کە کاریکردۆتە سەر جۆری گەڕانەوە. لەکۆی ٣٨ شوێن، ١٤ لەو شوێنانە قائیم، ڕوتبە، شێخان، حەدیسە، هیت، خانەقین، کفرە، مەحمودیە دا زۆری گەڕاوەکان لە کەمتر لە ٥٪ ئەو شوێنانەکاردەکەن.


شێوەی ٦: دۆخی ژیان و گوزەران بەپێی جۆری شوێن

١٣ ڕێژەی سەدی شوێنەکان لەگەڵ بەلایەنی کەم ١٣ لە خزمەتگوزارییە دەستنیشانکراوەکان.

١٤ ڕووخان و دارمانی یەکجار زۆر (زیاتر لە نیوەی خانووەکان زۆر بەخراپی ڕووخاون یان دارماون) ئەمەش تەنیا لە نزیکەی لە ٥٪ شوێنە لادێیەکان بەدیکرا، کە بەرزترینەکانیان لە الفارس بوو بە لە (٥٠٪) و بەلەد بە لە (١٨٪) و خانەقین بە لە (٢٢٪) و مخمور ب لە (٢٠٪) و دوز بە لە (٣٠٪) بوو. هەرچەندە، وادیارە هەوڵەکانی دووبارە بنیاتنانەوە هێواش بن، بە نزیکەیی لە هیچ کام لەم شوێنە لادێیانە دووبارە بنیاتنانەوە/چاککردنەوە یان هەر نەبوو یان زۆر کەمبوو. ئەمەش هەموو ئەو ناوچە خراپبووانە دەگرێتەوە کە لەسەرەوە کراوە بە لیست.

١٥ بەرزی نرخەکان لەنێو سەرەکیترین کێشەکانی ناو ڕاپۆرتەکان بوو لە هەردوو ناوچەی شاریی و لادێییەکان بە (لە٣٨٪)، هاندانی خێزانەکان بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتی هەڵکردن و خۆگونجاندنی وەکو کڕینی خۆراک بە قەرز. کێشەی ئەوخێزانانەی کە خۆراکیان نەبوو لەڕاپۆرتەکە دا هاتبوو بریتیبوو لە چەند شوێنێکی وەکو الحدیسە، ڕوومادی و فەلوجە لە پارێزگای ئەنبار بوون.


## پێداویستیە سەرەکیەکان




دەستگەیشتن بە دەرفەتی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان بەردەوام یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەڕاوەکان بووە، بەتایبەتی لە ناوچە شارییەکانی (بە٨٣٪) بەرانبەر لە (٦٥٪) لە ناوشە لادێیەکان. سەرەڕای ئەمەش، نزیکەی لە٦٠٪ گەڕاوەکان لە شوێنانێک دەژین کە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بە پێی پێویست نییە و بەش ناکات، ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە بۆ لە٩٠٪ بەرزدەبێتەوە لە شوێنەکانی البعاج، شێخان، الحدیسە، حەزرە، هیت و زاخۆ.

ئاوی خواردنەوە بە (لە٤٣٪) سێیەمین سەرەکیترین پێداویستی بووە کە لەراپۆرت دا هاتووە لە ناوچە لادێیەکان دا و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەستکەوتنی ئاوی خواردنەوە زەحمەت و دەگمەنە لە تەواوی ناوچە لادێیەکان دا. واپێدەچێت دەستگەیشتن بەچارەسەریەکانی پێشێلکاریەکانی مافەکانی پەیوەست بە ئاوارەبوون بەپەلە ترین پێویستی بێت، بەتایبەتی لە ناوچە شارییەکانی بە (لە٢٠٪)، لە کەمتر لە لە٥٪ی شوێنەکان ئەو پێویستیەیان نییە.


شێوەی ٧: پێداویستیە سەرەکیەکان بە پێی جۆری شوێن



## ئەمنیەت و سەلامەتی

پێدەچێت باری ئەمنی لەئاستێکی جێگیردابێت بەشێوەیەکی گشتی و جگە لە تاوانی بچووک کێشە ئەمنیەکانی دیکە بە لە١٠٪ ی شوێنەکان لە ڕاپۆرتەکە باسکرابوو، زۆربەشیان لە ناوچەکانی دۆرە، فارس، مقدادیە، بێجی، بەلەد، سامەڕا و دوزن. بە شێوەیەکی گشتی، سنووردارکردنەکانی هاتوچۆ و جموجۆڵەکان لە (٢٤٪) و تاوانی بچوک لە (١٤٪) بە شێوەیەکی زۆر لە ڕاپۆرتی ناوچە شارییەکان باسدەکران، لەکاتێکدا ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیان بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە لە (١١٪) و پێویستی بەرەوپێشبردنی لایەنی ئەمنی و سەلامەتی لە (٣٪) باسکرابوون. زۆربەشیان لە بەلەد و سامەڕا بوون بە لە (٥٥٪).[١٦، ١٧] مەترسیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە زیاتر لە نیوەی ڕاپۆرتەکانی شوێنە لادێیەکان هاتبوو، بەشێوەیەکی بەرچاویش لە بەعاج، بەلەد و دوز. مەترسیەکانی مین و مادەکانی تەقینەوەش بەشێوەیەکی زۆر لە ڕاپۆرتی ناوچە لادێیەکان دا هاتبوو بە لە (١٢٪) و هەبوونی ڕووداوی دیکەش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو بە زۆریش لە مقدادیە، بێجی، سامەڕا و دوز بوون.

شێوەی ٨: مەترسی ئەمنی و سەلامەتی بە پێی جۆری شوێن




## تێکەڵاوبوون و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی


بەشێوەیەکی گشتی، واپێدەچێت کە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی لەئاستێکی جێگیردابێت، لە ڕاپۆرتەکە دا باسی ڕووداوی ئەمنی، هەڕەشە و باوەڕپێنەبوون لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە شوێنەکان ماونەتەوە و ئاوارەکان و گەڕاوەکان دا دەکات کە لە کەمتر لە ٥٪ ئەو شوێنانە هەبوو و زۆربەشیان لە ناوچەکانی فارس، مقدادیە، بێجی، بەلەد و دوزبوون.[١٨] بەشێوەیەکی گشتی خستنەسەرکار لەسەربنەمای لایەنگیری سیاسی زۆر باوبوو لە ناوچە شاریەکان بە لە نزیکەی لە(٢٠٪) ی شوێنەکان.لەکاتێکدا ترس و نیگەرانیەکانی تۆڵەسەندنەوە و/یان گرژی کەمەنەتەوە ئاینیەکان زیاتر لە ناوچە لادێیەکان بەربڵاوبوو بە لە (٢٠٪)، دەشێت ئەمەش لەبەر زۆری ڕووداوە ئەمنیەکان بێت، بەتایبەتی لە شەش ناوچە: بەعاج، فارس، شنگال، تەلەعفەر و دوز. ڕاپۆرتەکە باسی هەبوونی کێشە و گرفتەکانی خاوەنداریەتی دەکات بە نزیکەی لە(١٪) تێکڕای ناوچەکان.

١٦ لەوەتەی کۆتایهاتنی جەنگ لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ەوە، داعش چوونەتە ژێرزەوی و بۆ ئەنجامدانی جەنگ بەشێوەی نارێک و پچڕپچڕ لە سەرانسەری عێراق دا. ناوچە زۆر خراپەکانیش بریتین لە: سنوورە دزە پێکراوەکانی پارێزگای ئەنبارە لەگەڵ وڵاتی سوریا و ناوچە بەرزاییەکانی نێوان پارێزگاکانی صلاح الدین، دیالە، کەرکوک و نەینەوان، هەروەها بەگشتی نەبوونی حکومەتێکی خۆجێی بەهێز لە ناوەچەکانی وەکو (ناوچە کێشە لەسەرەکان) و/یان ئەو ناوچانەی حوکمی میلیشایی یان سەربازیان لێیە. ڕاپۆرتەکە باسی ڕووداوە ئەمنیەکان ئەو ناوچانە دەکات و هەروەها باسی ڕفاندن و چەکدارکردن لە لایەن گروپە چەکدارەکانیش دەکات وەکو بەڵگەی دووبارە گەڕانەوەی جموجۆڵ و چالاکیەکان. بڕوانە ڕێنماییە ئەمنیەکانی یونامی.

١٧ دوای ئەمە، تەنیا سێ پێداویستی دەستنیشانکران، ئەگەر پێداویستیەکانی دیکە زۆر پێویستبووبن، لەوانەیە ئەوا بە پێی پێویست باسی لایەنی سەلامەتی/ئەمنی نەکرابێت.

١٨ ئەگەرچی کە ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ڕووپێویەکانی پێشووتر، هێشتا شیاوە سەرەنجی ئەوە بدەین کە پێوانەکردنی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی زەحمەتە و بەئەگەری زۆرەوە بە پێی پێویست لە ڕاپۆرتەکەدا نەهاتووە. هۆیەکانی پشت ئەم کێشە و گرفتە ئاڵۆزانەی سەبارەت بە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی هەن، تەنیا پەیوەندی بە ململانێ لەگەڵ داعشەدا نییە، بەڵکو پەیوەندیشی بەو سکاڵای زۆرڵم لێکردن و هۆیە ڕیشەییانە ململانێکانی پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە هەیە لە عێراق دا. بڕوانە هۆیەکانی مانەوە، پۆلێنکردنی ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، گروپی کار بۆ گەڕاندنەوە لە عێراق و لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی، لە تشرینی دووەم ٢٠١٨، http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/IOM٪RWG٪٢٠SI٪٢٠Categorizing٪٢٠٪٢٠Protracted٪٢٠ Displacement٪in٪٢٠November٪٢٠Iraq_٢٠١٨٪٢٠.pdf.

شێوەی ١٠: کێشە و گرفتەکانی ئاشتبوونەوە و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی بە پێی جۆری شوێن





## سەربە کەمەنەتەوەیی بوون

**هاوچەشنیەتێکی زۆر بەهێزی کەمەنەتەوەیی ئاینی تۆمارکراوە لەناوچەکانی گەڕانەوە لەسەرانسەری وڵات:** تەنیا لە ١٨٪ ی ناوچەی گەڕاوەکان سەربە کەمەنەتەوەیی ئاینی بوونی هەیە, لەکاتێکدا لە شوێنەکانی دیکە یەک گروپ زاڵە بە لە (٧١٪) یان تارادەیەک زاڵە بە لە(٢١٪). دەکرێت ئەم ئەنجامەش بۆ ئارەزووی خێزانەکان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە تیایدا نابن بە کەمینە ببەسترێتەوە.

بەتایبەتی گۆڕان ئەگەر کەمەنەتەوەیی ئاینی ڕوویدابێت وەکو ئەنجامێکی ململانێ. ئەم ژمارەی شوێنە تێکەڵکراوەکان لە ٦٠ بۆ ٤٨ نزم بووەتەوە لەوەتەی ٢٠١٤ەوە. شایەنی باسەکە لەکۆی شەش شوێن لەچواریان گرژی کەمەنەتەوەیی ئاینی بەدیکراوە, پێهاتەی تێکەڵاو لە کاتی قەیرانەکاندا نەما.[19]


شێوەی ١١: پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی ئاینی (بەرێژەی سەدی خێزانەکان)




## جەخت خستنەسەر کێشە و گرفتەکانی ئاو


لە نزیکەی یەک لەسەر سێی شوێنەکان دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە لە نێو یەکێک لە سێ پێداویستیە سەرەکیەکانە, خێزانەکان ڕووبەڕووی کێشە یان زیاتر لەکێشەیەکی پەیوەست بە ئاو دەبنەوە. لە ٢٥٪ ی نیشتەجێبووەکان دەستیان بە ئاوی خواردنەوەی پێویست و پێداویستیە خۆجێیەکان ناگات و کێشە و گرفتی پەیوەست بە تام و ڕەنگ و بۆنی ئاو هەیە, و/یان دەبێت ناوبەناو خەڵک پشت بە ئاوی تانکەر ببەستن. ناوچە زۆر خراپەکانیش ئەو شوێنانەن کە زیاتر لە ٨٠٪ ی شوێنەکان بە دەست نەبوونی ئاو و کێشەکانی دیکەی پەیوەست بەئاوەوە دەناڵێنن, لەوانەش ئەبو غرێب, خالس, شەرگات و کفری.

شێوەی ١٢: کێشەکانی ئاو ڕووبەڕووی بەشێک لە گەڕاوەکان بووەتەوە




١٩ ئەو ناوچانەش فارس, شنگال, تەلەعفەر و دووز.


نەخشەی ٥: بڕی تەواوی ئاو





## کێشە و گرفتەکانی زەوی وزار لەشوێنە لادێیەکان

شوێنە لادێیەکان لە ٦٨٪ ی شوێنەکانی گەڕاوەکان پێکدەهێنن. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەدەکات بەشێوەیەکی گشتی دەستگەیشتن و بەکارهێنانی ئەو کارئاسانیانەی کە پەیوەستن بەزەویە کشتوکاڵی و زەویەکانی لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە ئاستێکی باشدان بە نزیکەیی لەهەمووو شوێنێکش وان. ئاودان و ئاودێریکردن زیاتر بەربەست و ئالنگاری دروستکردووە لەبەرئەوەی لە ١٥٪ی ئەو شوێنانەی هەیە بەهۆی کەمی ئاووەوە. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەشدەکات کە نەبوونی زەوی شیاو بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵی و لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەکرێت پەیوەست بێت بە پیسبوون و/یان تێکچوونی زەویەوە, نەوەک نەبوونی پارە و/یان دەستی کار ئەمەش لە فارس, ڕوتبە و بێجی بەربڵاو بوو.

شێوەی ١٣: ئاستی دەستپێگەیشتنی سەلامەت بە خزمەتگوزاریە کشتوکاڵیەکان لە شوێنەکانی گەڕاوەکان بە پێی ڕێژەی شوێنەکان




نەخشەی ٦: ڕێژەی شوێنە لادێییەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوە



## جەخت خستنەسەر خوێندن

لەڕاپۆرتەکەدا خوێندن وەکو پێنجەمین سەرەکیترین پێداویستی ناوچە لادێیەکان هاتبوو (لە٣٥٪ی شوێنە لادێیەکان لەبەرانبەر لە ١١٪ شوێنە شارییەکان). کەمی چوونە بەرخوێندن (لە ٢٣٪ شوێنە لادێیەکان کەمتر لە سێ چارەگی منداڵان دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی و لە ٦٩٪ی شوێنەکانیش کەمتر لە سێ چارەگی قوتابیان دەچنە قوتابخانەی ئامادەیی)، پێدەچێت ئەمەش بەزۆری پەیوەندی بە نەبوونی قوتابخانە و بەزەحمەت دەستپێگەیشتن بێت پێی. خوێندن کەمتر پێویستیەکی دەستبەجێ داواکراوە لە شوێنە شارییەکان کە تیایاندا چوونە قوتابخانە زۆر بەرزە و گەورەترین گیروگرفت قەرەباڵغی پۆلەکان و تێچووە زۆرەکەیەتی. لە ٢٧٪ ی شوێنە شارییەکان کارپێکردنی منداڵ بەدیکراوە (لەبەرانبەر ٣٪ لە ناوچە لادێیەکان). ناوچە زۆر خراپەکان (ئەو شوێنانەی کە دەستگەیشتن بە خوێندن بە پێی پێویست نییە زیاتر لە ٨٠٪ی شوێنەکان دەگرێتەوە)، لەوانەش: ئەبوغرێب، شەرگات، هەترە و کازمیەن.


شێوەی ١٤: دەستگەیشتن بەخوێندن بە پێی جۆری شوێن




## جەخت خستنەسەر تەندروستی و کاریگەری نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ٢٠١٩ (کۆڤید-١٩)

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید-١٩) پاڵەپەستۆیەکی زیاتری خستەسەر پێداویستیە تەندروستیەکان، کە وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە دووەم گەورەترین کێشەی گەڕاوەکانە (لە٥٧٪ی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکانی وڵات). کەمی ئەو پێداویستیە پزیشکیانەی کە پێویستی بە ڕاچێتەی دکتۆر نییە، کەمی کەرستەکانی پاککردنەوە و کەلو پەلی خۆپارێزیش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون لە نێوان ٢٥٪ بۆ ٦٧٪ی شوێنەکان وان و تەنانەت لە شوێنە لادێیەکان زۆر زیاتریشە. ناوچە خراپەکانیش (ئەو شوێنانەن کە هەر سێ لەو پێداویستیە پزیشکیانە کە باسکران کەمبوونیان بەدیکرا لەوانەش: قائیم، هەترە، کفری، ڕوقعە و سامەڕا. سەرەڕای ئەمەش، لە نزیکەی لە ١٪ ی گەڕاوەکان شوێنی حەوانەوەیان زۆر خراپە، هەروەها ڕێکارە تەندروستیەکان و مەودا پارێزی کۆمەلایەتی و کەرەنتینیش زۆر خراپن وەکو بژاردەیەک نین. بە نزیکەی لە ٥٪ی شوێنەکان زانیارییپێدەرە سەرەکیەکان باسی ئەوەیان لە ڕاپۆرتەکە کردووە کە ڕوودانی هەولەکانی خۆکوشتنی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە بوونی هەبووە و حاڵەتانێکی وەهاش هەبووە کە ئافرەتان ڕەتی ئەوەیان کردۆتەوە کەرەنتین بکرێن و لە خێزانەکانیان دوورکەونەوە.

شێوەی ١٥: کێشە و گرفتە تەندروستیەکانی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید-١٩) بە پێی جۆری شوێن



# کۆتایی

لەوەتەی ئەیلولی ٢٠٢٠ەوە نزیکەی ٤٧٤٥٠٠٠ کەسی گەڕاوە تۆمارکراوە لە ٨ لە پارێزگاکانی عێراق دا. ئەمەش لە٪٧٨ هەموو ئەو کەسانە پێکدەهێنێت کە وەکو دەرئەنجامێکی شەڕو ململانی لەگەڵ داعش هەڵاتبوون.

بۆ کارئاسانیکردنی گەڕانەوە وەکو چارەسەرێکی هەمیشەیی و کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە کەمدەرامەتی زیاد دەکات و ئاوارەبوونی لاوەکی و گەڕانەوە شکستخواردووەکان، زۆر زۆر گرینگە کە تێگەیشتنێکی باشتر بۆ ڕەوشی شوێنەکانی گەڕانەوە هەبێت.

لەماوەی نێوان هەڵەسنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ لە حوزەیرانی ٢٠١٩ و لەگەڵ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ ئابی ٢٠٢٠ دا ٣٤٨,٩١٢ کەس گەڕاونەتەوە، کە ڕێژەی لە٪٩ی گەڕانەوە.[٢٠] ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر هاوئاستە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی پێشوو، کە لەماوەی نێوان هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣ ی ئایاری ٢٠١٨ تاوەکو هەلسەنگدانی شوێنی یەکخراوی ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٩، کە تیایدا ٤٠٠٧٨٨ کەس گەڕابوونەوە، دەکاتە لە٪١٠ی گەڕانەوە.لەڕاپۆرتەکە دا باسی هەنگاوە گۆڕاوەکان یان تاڕادەیەک گۆڕاوەکانی گەڕانەوە دەکات لە تەنیا ٩ ناوچە لە کۆی ٤٧ ناوچەی گەڕانەوە. هەرچەندە، داتای کۆکراوە وەکو بەشێک لە پێرستی ٩ و ١٠ دەریدەخات کە ڕەوشی ئەو ناوچانە لەڕادەی خراپیان جیاوازن. ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات کە بڕیاری گەڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن هۆکارە ڕێخۆشکەرەکان نەبووە لە ناوچەی زێد، بەڵکو بەهۆی هۆکارە پاڵپێوەنەرەکانی ناوچەی ئاوارەبوون بووە.

زۆربەی گەڕانەوەکانیش بەهۆی بیروباوەڕی گەڕانەوەی ئەمنیەت بۆ شوێنی زێدیان هاندرابوو لە (٪٩٠) یان، بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوون بە لە (٪٨٤) و/یان خزمەتگوزاریەکان بە لە (٪٣٣). ئەو گەڕانەوانەشی کە لەلایەن سیاسەت و دەست تێوەردانەکانی وەکو بەردەستبوونی هاوکاری، هاندانی ڕابەرە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان و/یان هاوکاریە هاندەرەکانی حکومەت/دەسەڵات و لایەنە مرۆییەکانەوە ئەنجامدرابوون کەمتر لە (٪١٣). هەروەها هۆکارە نەرێنیەکانی شوێنی ئاوارەبوون ڕۆڵێکی گەورەی لە خراپترکردنی ڕەوشەکە دەبینێت، بەزۆر دەرکردن و توانا نەبوونی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکان وەکو فاکتەرەکانی گەڕانەوەی لە (٪٣٠) شوێنەکان باسکرابوو.

